لە سەردەمێکدا پەموایە ئەوە لە سمیناری "ئایا دەکرێت کۆمۆنیزم لە ئێران سەربکەوێت" بوو کە مۆنسور حیکمەت ڕایگەیاند کە هەر ئەوەندە بەسە کە شەش مانگ بارودۆخی چالاکی سیاسی ئازاد دەستەبەربکرێت، هەر ئەوەندە بەسە ڕۆگۆ بدرێت حزبەکان بۆ ئازادی کاربکەن هەتا خەڵک ئەمە هەڵیبژێرێت. ئەمە تا ئەمڕۆش ڕاستە. ئەمە هەشتا لە ئێران ئەو هەلومەرجەمان نییە، ژۆم سەرکوت دەکات، هەسوەاوی حیزب ناتوانێت خۆی بناسێنێت و ناچار نکۆی لە ناسنامەی حیزبیی خۆی بکات. ڕابەری کردەیی و مەیدانی کۆمۆنیست هەشتا زۆرتر شاراوەن. بەڵام ئەگەر ئەم هەلومەرجانە بگۆدرێن و هاوسەنگی هێز بگاتە ئاستێک کە حزبەکان بتوانن فراوان ببن، پەموایەحزبی ئەمە بەخێرایی دەتوانێت چەند ئەوەندەی ئەمڕۆ هێز کۆبکاتەوە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەمڕۆوە هەیە، بەڵای من ئەو بوارانەی کە لاوازی ئەمەن و پێویستە بتوانین بەسەریدا زاڵ بین و چالاکییەکانمان باشتر بکەین، بە بۆای ئەوە، یەکێکە لە بەکارهێنانی بۆرفراوان و گونجاو و چالاکانەی سۆشیال میدیا. حزبی ئەمە لەو ئاستەدا پشکۆتنی ئەوتۆی لەم بوارەدا بەدەست نەهێناوە کە پێویستە. من ناچمە ناو ئاستەنگە کردەیی و تەکنیکییەکانی ئەم کارە، بەڵکو پێویستە حیزب زۆر چالاکتر بێت لە سۆشیال میدیا و وێک ئامرازی سەرکی بە ڕێکخستنی تەڵ و هەمەتی جەماوەری و هەمەتی مەیدانی بەکاری بهێنێت.

خاڵی دواتر ئەوەیە کە حیزب زیاتر وێک ئیدیعاکارێکی دەسەاتی سیاسی لە ئاستی ماکرەدا لە کۆمەڵگادا دەربکەوێت. مۆنسوور حیکمەت لە باسی حیزب و کۆمەڵگادا ئاماژە بە خاڵەکانی وێک ئەوەی کە خەڵک دەبێ بوونی حیزب ببینن. دەبێت بوونی حیزب لە هەموو شوقام و هەموو قوتابخانە و زانکۆ و هەموو کارگەیەکدا دیار بێت. بەگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو ئەندامەی حیزب خۆی ئاشکرا بکات، ئەمە هەشتا مومکین نییە، بەڵکو دروشمی حیزب و وتارەکانی حیزب و لافیتە و تراکتی حیزب و نووسینی دیواری حیزب لە هەموو شوێنێکدا دیار بێت و حەلقە و کۆڕی حیزبیی و گردبوونەوە لەسەر تەو میدیا کۆمەایەتیەکاندا پێکەوە پەیوەندیدار بن و ئەم ئەرکانە ئەنجام بدەن. پێویستە لەم بوارانەدا زیاتر کار بکەین.

لە ئاستی ماکرەدا ناوەندێکی کارەکانمان لە دەرەوەی وڵاتدایە.

پەیوستە لە بواری لێبیکردندا چالاکتر کاربکەین. ئەمە دەمکە سیاسەتی بایکۆتی کەماری ئیسلامی بڕوپش دەبین و ئێستا خەریکە ببێتە گوتارێکی گشتی و لە ئەنجامدا هەڵوێستانی دیکە بەشێکی لە بەرز دەکەنەوە. ئەمە بایکۆتی تەواوەتی کەماری ئیسلامیمان دەوێت. لەم ئاستەیدا پەیوستە زنجیرەیەک چالاکیی سەر شەقام و چالاکیی لێبیکردن بە شێوەیەکی گشتگیرتر و بەردەوامتر لەوە دابنێین کە تا ئێستا کردوومانە.
بڕای من ئەمانە بوارگەلێکن کە هێشتا بوار ماوە بە ئاوەی حزبی ئەمە چالاکتر بێت و باشتر بێت و خاڵە لاوازەکانی داپۆشێت.
١٩\ ٤\ ٢٠٢٣، ٣٠ی فەروەردینی ١٤٠٢

سێی دارەصاکەی "بەشیر" لە چیدایە؟.. فازیل شاوەیس

قەت قەزە ی ئەو دارەصایەم لەبیر ناچێتەوە، کە ئەفسەرێکی عەرەب، پێش(٦٠) ساڵی ڕابەق، بە ناهەق، بە بەرچاوی ئەو خەڵک و خوایە، دەیکەشا بەنۆشان و تیرەقی پشتی باوکمدا. باوکم شیشە ئاسنێکی چەماوی بەدەستەوە گرتبوو، لە پێش دوکانەکیدا، بە تەغماغێک دەیویستی، ڕاستی بکاتەوە، بەئاگا بوو، کە ئەفسەرێکی باڵا، لەسەر لاتەختەکی گازینەی حەمەگەمیان دانیشتوە، ئەو ئەفسەر ڕەزاقورسەش، ئاماژە بە ئەفسەرێکی یاوەری دەکا، کە ئەو تەق و هەڵەی باوکم بەدەنگ کا! ئەویش دەکەوێتە حەسیرەیدانکردنی باوکم بە دارەصایەکی دەستی.

دیمەنی دووەمی ئەو دارەصا زاڵمە، هەر لەو ساڵەدا ـ کە ١٢ ساڵان بووم، لە هی یەکەم بە ئازارترە: ئەبو عەلی، سەربازێکی قوولەشی گوولەپیاوی پیچم نافرجا، هاتە پێش گازینەیەکەی حەمەگەمحانی و بە دارەصاکەی دەستی ـ کە دار حەیزران بوو، ئاماژەی بە دینگە بایە سوورەکانی بەردەم گازنەیەکە کرد و بەسەر حەمەگەمحانەدا شەواندی:"هەی حەیوان، ئەوە بە ئەو دینگانەت بە ڕەنگی سوور بایە کردوە، هەی کانە شوعی؟" ئەوجا وەک سەگی هار و گورگی برسی، کەوتە دارکاریکردنی حەمەگەمحان، ئەوەی لە گازینەیەکە بوو، بەسەر کورسی

و مەزاندا بازیاندا و هەڵاتن، تا حەمەگەمحان لەهەشخەی نەچوو، ئەو نامەردە دەستی لەسەر هەڵنەگرت... دواتر، خەڵک چوون لە لای باقی حەلاق تەنتریە و لەکە و کەلەنیایان هەنا، تا برین و زامەکانی ئەو زاتە نیشتیمانپەروەرەی پە تیمارکەن!

لەگەڵ ئەو تەکهەڵچوون و شەوشەرەی ئەو چەند هەڵەی دوایی سووڕان، دارعەصای دەستی ئەفسەرەکان، پرسیارەکیان لە مەشکەمدا ئاگر دا: بۆچە، لە کەلتووری سووڕانییەکاندا دارعەصا هەندە بایەخدارە؟

دارعەصا، لە کەلتووری خەڵکانی دونیادا، بە درێژایی مێژوو، کەم تا زۆر، هەنگاوانەوەی هەیە. بەڵام هەنگاوانەوەکەی لە هەژدەهات تەختر و کاریگەرتر، لە هەژدەهاتیش، لە نەو عەرەبدا، پتر جێگیر و دیار و بەسەنگ، لە نەو عەرەبانیشدا، سووڕانییەکان، پلەی یەکەم وەردەگرن لە "کەلتووری دارعەصا لە ژیانیاندا"، باشە، ئەو سەرەکەی لە چ دایە؟

لەکەینەوەی شوانەوارناس و ئانتەپالیژیستەکان، وای بە دەچن، کە دارعەصا، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دوای بەرد، دووەمین چەکی داهێنراوەی مرۆڤ. بە درێژایی مێژووی دێرینی مرۆڤ و سەردەمەکانی سەمەری و فیرعەونی و یۆنانی و هەمانییەکان، دارعەصا نەک هەر پەکە و مەقامی دیاری خەی هەبووە، بەڵکوو ئامرازێکی دیاریی بەهێزچوونی ژیانیش بووە. جا کە ئایینە ئاسمانییەکانیش هاتن، هێندەی دە هەڵی دارعەصا بەرزتر نرخێندرا تا گەیشتە پلەی پیرۆزی و تەقدیس کردن. جا بەردەوامیی بایەخی ئەو دارعەصای، تا ئەم چرکەساتەش لە هەڵکشان دایەو لە تەکنەلۆژیایی ئێستا و ئایندەشدا، پلەکەی تازەتر بە خەی تەمار دەکا ـــ ئەمە بە خەی بابەتکی سەرنجڕاکێشە!
ئەوە، قەت لە خەتان نەپرسیوە، بۆچی لەگەی دەرمانخانە (مارەکە خەی لە دارعەصایەک لووڵ داوە و زاری بەشکردەتەوە و زمانی دەرهێناوە؟)

بەر لە حەفت سەدە پێش زایین، گریکەکان لەو باوەڕە دابوون کە نەخۆش بە دەرمان و بە سیحر چاک دەبێتەوە. دەرمانەکە ژەهری مارە و دارعەصایەکێش، ئەو دارعەصایەیە کە "ئیسکیلابیوس"ی حەکیمی گریکی بەدەستەوەی گرتوە، بیگەنەتە جێستەی هەر کەسێکی نەخۆش، یەکسەر چاک دەبێتەوە. یان مارەکەی ئەو، زمانی لە هەر کەسێک بدا، نەخۆشی نامینێ. (بە سەردەمی ئێستا ئەمە ئاماژەیە کە هەر دەرمان چارە نییە، لایەنی دەروونیش چارەی دەوێ!)

لە مـــژووی کـلـتـــووری نـتـەوکـانـــدا، دارەصـــا، پـێـوەســتـە بـە هـەنـــدەکانی کـەمـــایـەتی و ئـایـینی و بـــاوەڕ و ئـەنـتـــرپـۆلـۆژی و تـەنـانـەت لایـەنی بـەرگریی و خـەبات و سیاسیش. ئـەوەندەی ئـەو ئامرازە وەک "ڕەمز" کاریگـەری هـەیـە، نـیـو ئـەوەنـدە وەک" چـەک" کاریگـەری نـیـیـە. شـتـێـکـاریـیـە دەروونـیـیـەکـانی هـاوچـەرخ ئـامـاژەیـەکی تـرســنـاک بـە دارەصـا دەکـەن و دەڵـێـن:"ئامرازی دار عەصا، کە داهـێـنـانـێـکی ئـەقـڵی مـرۆڤـە، جـیـهـانـێـکی هـێـنـدە فـراوان و واتـای هـەیـە لـە ئـەرک و فـرمـان و بـەکارهـێـنـانـەکـان، خـەیـاڵـدانی مـرۆڤ پـەی پـێـنـابـات و سـنـووردەی بـە دیـاری نـاکـرێـ. دارەصـا، ئـامـرازێـکی بـەهـێـز و کـاریگـەرە لـەسـەر هـزر و هـەسـت و هـۆش و ئـەقـڵی مـرۆڤ، نـابـە وەک بـەرچـیـخ و سـەرەڕم و مـتـرەق سـێـر بـکـرێـ، کـەسـیـش نـازانـێـ شـوێـ و شـوازی ئـەو ئـامـرازە لـە ئـایـنـدەدا چـی لـێـبـەسـەر دێـ و چـۆن دەبـێـ. دارەصـــا ئـەسـتـونـگی شـارسـتـانـیـەتـیـی مـرۆڤـایـەتـیـیـە."

لە مـزگـەوتـەکانی میسردا، بـە نـموونـە، پـێـکـەڕی دەیـان خـوداوەنـد و مـلـیـک و شـاژن دەبـیـنـی کـە جـەرەها دارەصـایـان بـەدەسـتـەوەیـە و هـەر یـەکـەی هـێـگری مـانـا و دەلالـەت و ڕەمـزی خـەیـەتی. دارەصـاکـەی "مـلـیـک نـارمـر" کـە نـاقـیـزەی بـەسـەرەوەیـە، ڕەمـزی سـزا و عـیـقـابـە بـە نـاحـەز و نـەیـارانی. ئـەو دارەصـایـانـەی لـە شـوێـی هـیـلال چـەمـاوەنـەتـەوە، ڕەمـزە بـە ئـەبـەدیـەتی خـوداونـدەکـانـیـان. ئـەو کـاهـیـنـانـەی مشـتـەی دەسـتـیـشـیـان خسـووڕتـە سـەر دارەصـاکـانـیـان، دەیـانـەوێـ بـڕەن، هـەز و دەسـەڵـات هـەر هـە ئـەمـێـ. خـە دارەصـاکـەی دەسـتـی "تـووت ئـامـوون" ئـاڵـتـووڕنـی خـاسـە. ئـەو دارەصـایـانـەش یـەکـەم ئـامـرازی کـاتـژمـێـری خـەڵ و سـێـبـەر بـوون لـە مـیـسـری دەڕێـنـدا.

لـە تـەوەڵـتـدا دارەصـای هـاوەن، وەک ڕەمـزی هـەز و دەسـەڵـات ئـامـاژەی پـێـدراوە. لـە ئـێـنـجـیـلـدا (٤) دارەصـــا هـەیـە، دارەصـــا مـوسـا، بـەنـاوبـانـگـرتـیـن دارەصـایـە لـە مـژووی مـرۆڤـایـەتـیـدا. لـە قـورئـانی پـیـرۆزیـشـدا لـە (١٣) ئـایـەتـدا، ئـامـاژە بـە دارەصـا کـراوە کـە چـەنـدان ئـامـاژەی مـژوویـی و ئـایـینی و عـیـبـرەت و ئـیـعـجـازی تـەدایـە ـــ کـە زۆر ڕاڤـە و تـەفـسـیـریـان بـە کـراوە.

مـرۆڤ. دارەصـای بـەکـارهـێـنـاوە، وەک چـەک، وەک گـۆپـاڵ بـە ڕەیـشـتـن، وەک بـەرچـیـخ بـە چـەقـانـدن بـە چـەنـدان مـەبـەسـت، بـە شـت ڕاگـرتـن، شـت هـەڵـواسـیـن، بـە ڕاو و شـکـار، وەک ڕەم، لـە شـوانـکـاری و گـاوانـیـدا، بـە دارکـاریـکـردن و ئـەشـکـەنـجـەدان، بـە بـەرگـریـکـردن، بـە مـارکـووشـتـن و زیـنـدەوەر کـووشـتـن، لـە شـایـی و هـەڵـپـەڕکـیـدا، لـە یـاری و چـەنـدان جـەرە وەرزشـدا، بـە کـەڵ هـەڵـگـرتـن، نـانـکـردن، دار ڕەنـیـن، سـەوز لـەدان، کـووتـان و پـەڕـکـردن،

سەڵە شکاندن، بە شەمووڵە، بە مەبەستی جیا جیا لە کاتی وتار خوێندنەوە بە جەماوەر، لە جیاتی شمشێرەش لە زیکر و تەهلیلدا حزووری هەبووە... تاد.

لە سەدەکانی ناوەندا، لە ڕۆژاوادا، خوداپەداوەکان، پۆشاکە جوان و بەنرخەکانیان بەبی داردەستەکی گرانبەها ناتەواو بوو، وەک ڕەمزی هەبوون و دەسەڵات.

با ئێستا بگەڕێنەوە سەر پرسیارەکەی ناونیشانەکە: سەرەی دارەصای دەستی ئەفسەرەکانی سوودان لە چیدایە؟"

لە گۆڕان و تەحەزێنەودا، بە وەڵامی ئەو پرسیارە، دەگەینە ئەو ئاکامە، کە جگە لەو شتانەی لەسەرەوە دەربارەی بایەخی دارەصا ئاماژەمان پێکردوە، دەبینین لە لای سوودانییەکان، دارەصا پیرۆزییەکی یەکجار مەزنی مێژوویی هەیە، بەوەی کە سەدان ساڵە سەفییە تەریقەتدارەکانی ئەو وەاتە، لە شێخ و موریید و هەوادارەکانیان، دارەصایان، وەک ڕەمزێکی دارەصای مەسا، لە زیکر و تەهلیلە و کەر و گەبەندەکانیاندا هەگرتوە و لە دەستیاندا بووە و جەرەها جوولەی ئاماژەداری تایبەتیان پێ ئەنجامداوە. کە بە زاراوەی خەیان پێیان دەڵێن (العرضة). بەوانەن، لە وێنەی شێخەکانیاندا، بە شیخە سیاسییەکانیشانەوە، هەمیشە دارەصایان لەدەست دایە. خە دارەصایەکەی صادق ئەل مهدي، ناوبانگی هەیە! جەعفەر نمەریش – سەرەکی پێش پێشووتری سوودان، پێیوەندیی ڕۆحی لەگەڵ شێخەکانی سۆفی هەبووە، هەمیشە سەردانی دەکردن لە ولایەتەکانی باشوورداو و دارەصاکەی دەستی ئەو دیاریی "شێخ خاتمی سوودانی" بوو و پێگوتبوو، هەر کاتێ ئەو دارەصایەت لە دەست نەما، حوکومرانیت لە دەستدا نامینێ.

خاڵی دووەم، بەدرێژایی مێژوو، سوودانییەکان لە ئاپەرین و یاخیبوون و خەپەشاندانەکانیاندا دژ بە داگیرکەران، زۆر بەدگمەن هانایان بە چەک بردوە، ئەوان هەمیشە بە دارەصاوە، وەک هێز و ڕەمز و پیرۆزییەکی خوداوەندی، هاتوونەتە مەیدان و خەباتیان کردوە. بەوەش سوودانییەکان بە ئاشتیخوازترین کەڵەی ڕۆژهەڵاتی ناسراون کە دژی توند و تیژی و کووشتن و بڕینن، تەنانەت لە کاتی داوەکردنی هەقی خۆشیان.
کاتێک عومەر بەشیر، بە خۆی و دارەصاکەی دەستیەوە، دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو دارەصایە، کە لە هەموو شوێنێک هەر بە دەستیەوە بوو، کۆشکی گەورەی بە دروست کرد. هەرچەندە دارەصاکەی ئەویش

دیاری شەخانی سەفی بوو بەنام، یاوەرەکانی کە سەربە "بزووتنەوەی ئیسلامی" بوون، فەتوایان دەرکرد، کە جائیز نییە بەشیر ئەو دارەصایە بەدەستە بگرێ چونکە شتێکی "بدعەیە". بەنام بەشیر ئامادە نەبوو دارەصاکەی فێ بدا و گوتی من وەک ئەمزێکی فەلکلۆری خەلەکەی خەم لە شاری (شندی) بەدەستەوەی دەگرم کە لە باکووری سوودان ئەو کەلتوورییان هەیە و پارستوویانە و لە شایی و هەڵپەکەدا بە دەستەوەی دەگرن. جا دارەصاکەی بەشیر لە دار ئەبانووس درووستکراوە، کە گرانترین جۆری دارە. تا ئێستاش لە زیندانداا، ئەو دارەصاکەی هەر پێیە.

بەشیر لە هەڵەشەکردنی دانیشتووانی کردفان لە باشوور، ئەو دارەصاییەی لە ئاوشاندن، کە چووە پارتسوودان، گوتی بەو دارەصایە، ئاو و ئاودێریتان بە دەهێنم. لە کاتی هەڵسانی فەکە جەنگییەکانی بە بەمبارنکردنی دافڕ، دارەصاکەی ئادوشاند. لە کاتی وتاردانیشدا بە جەماوەر، ئاماژەی بە دارەصایەکەی دەکرد و دەتگوت:" ئەوە بە ئەڵایە و هی ئەڵایە، بە دونیا نییە، کار و خەباتی ئەمە!"

وا ئیمڕۆ، هەمان دارەصای "بەشیرەکان" لە دەستی ئەفسەرەکانی سوودان دەبینین، کە ئەوانیش ئایندەوەشن و دەژن، ئەو شەمان لە پێناو بەرگریکردن لە خاک و خەڵکی سوودانێ" هەرچەند گرمەی بەمبا و زرمەی تەپ و شریقەی دەشکە و قرمژنی ئاشاش و کلاشنکۆفەکان، شتێکی دیکە دەژن، کە زەر جیاوازە لە وەزە وەزی دارەصاکانی نەو دەستیان!

(ئەگەر ئاستی بیانکوزێت، با بمرن.)*.. شوان شەفیق

چەپکەك گریانم بۆ لۆمدا هەڵواسیووە
تەنگ تەنگ پێکەنین ئەنگی دەکەشە!

ئەژیەکی نەگەڕە درێ
پیا هەڵدان و ستایشکردن،

شۆنێک بە ناساندنم نابینم
کە تاوانم نییە گەڕە نامناسێت!
لەسەر پێم جارە وەستاوم بە باکم.

پێت بێم زویر بە کەی کەشەف
ئاوە ڕۆژ، مەڵەتکە بووی
هەڵکەی پیسی مریشکی کە بووی
بە بەرهەم بووی
ئەدی ئێستا بوونت چییە!
ناشێ پێت وابێ گەورە بووی؟

ئەمۆ
لە ساتی میزەدانی فوو تێکراو
لە هاوکێشە لاسەنگەکان
لە کێشی بە کێشان
بگەم؟

دەنگی
دەلاقەیەک شك دەبەم
وا
بەی دەرەم
دەبەم ڕەگا دەبەم
بەرەو کەگەکەی "ڤینزن"
تەماشایەك دەکەم!
پرتە و بەی ئاژەڵکان تووڕەم دەکەن.

دەبینم
یەکسم هاتە ناو گایەل
دیسان
گەورستان پڕ لە بە جەگەیی
کاتێک سەردانی کەگەم کرد.
چما نەتاسام بۆ وەنانە
چیم نەدی!
دیسان سەگەکان حەپەیان دە
ئێسقان لەکوە بنم؟
دیسان درێ پەخش دەکرێ
ئاقی بەهەش لە کوە بنم؟
دیسان پەنجەکان هەورین

دەستی دەستکرد لەکوێ بێنم؟
دیسان زەین بۆتە ئاواز
دەنگی زوونا لەکوێ بێنم؟

لە پاش پشوو
مریشکی لە هێلکە چوو
قیناوی دەکرد.
جاشوولکە زەرینی لە بار چوو
گەرانی دەگووت!
گوورپە
مانیی لە مەمیاو گرت دەیزریکاند!
مام ئیویش
کەروشک دەیخوێنێتاند!
لەم دیمەنانە سەرمسوومام، واقموومام.

جگەرەیەکم پێ کرد
ئاڤێم لە پووش بەردا
ئاژی کەوتە گەوتی:
(بە من دەڵێن ئاش: ڕووی منتان سپیکردووە)
کەتان درەی نەکردووە؟

دکتۆری نەخۆش
پارێزەری تاوانبار
مامۆستای نەخوێندەوار
فەریکە شاغیری بە پێناس
نووسەری ماستاوچی
سیاسی کاولکار!
چیتان نەکرد؟

قیر هێنی دایە گەتی:
لەوەتەی قیرم ئەز فەقیرم
ئەو سیماتان لە من تەختر
تازە سپی نابێتەوە
ناپەرژێنە سەر خەتان!
ئەوەی مرۆڤ
بە تاوانبارم دەکەن؟
لە کاتێکدا:
(پارە لەکوێ بە لەو لایەن!

شەهامەتتان بێ کاغەز
دکتێراتان بێ نەفەس
پسپێریتان ماستاوکردن
زمانیشتان وەک سابوون لووس)

(*) ئیمانوێل کانت
١٥/٧/٢٠٢١

یەکەمیـــــن پەیـــــامی دوای سەرهەڵگرتن.. ستیڤان شمزینی

پێشکەشێ بە هاوڕێ خوێندکارانی دوێنێم

ئێوە دەتوانن
لە شارەکەم خانەیەدەرم بکەن
دەتوانن
ڕۆژنامە و گۆڤارەکانم لە کەم بدەن
مەڵەت نەدەن
بە چاپی کتێبە یاخیبووەکانم
دەتوانن زەرەشت بکەن
لە نیشتمان وەدەرم بنێن
دەتوانن بەیاننامەی چاوشێ
لە دژم دەربکەن
بێنە ناو سیمینارەکانمەوە
بە جێت لێدان
ڕووشتی خەتان دەربخەن
دەتوانن تی ئێن تی
بخەنە ژێر پێی نووسینەکانم
گاڵتە بە ئەزموونی ئەدەبیم بکەن و
بەسەر لاپەڕەکاندا بڵێنەوە
ئێوەی ناتوانن بیکەن
زەرەن

ناتوانن نیشتمان
لە منداڵ دڕکێشن
ناتوانن زمانم
لە دەمی شیعردا ببڕن
بە منەتم
لە هەموو شا و سەرکەکان
لە نووسەرانی دەربار
لە قەڵەمووشنەکانی زڵکاو
لە ڕەخنەگرە زومبییەکان
لەو دەزگا سیخوڕیانەی
ژەهر دەخەنە پیاڵەی شوهرتەوە
بە منەتم
لە هەموو بارودۆخێکاندا
لەو کاتەی ئەو لاقەی جوانی دەکەن
لەو کاتەی خەتان هێاج دەکەن و
بەهاتان دەبەتە چەند درهەمێک
لەو کاتەی ئەو
لە باوەشی سزانییەکاندا دەخەون
لەو کاتەی چەوریی پارە
بە شەویلگەتاندا دەتە خوارەوە
لەو کاتەی بە پاڵپەستە
خەتان دەکەن
بە کەشکی میرکانی نەوتدا
لەو کاتەی ئەو نووستوون و
خەونی گەیی
بە ژیانی بەرژوازانەوە دەبینن
شیعر دەپ دەپ
دەچەتە نەو پەنووسکەمەوە

پایزی 2013
فەرەنسا – پاریس

ئەم دەقە حکایەتکی خەی لە پشتە، بە خەیاڵکردنی واقیعەکی تفتە. ئەم تەکستە ریالیستە، هەردەبوو بەو فەرمە ریالیتەیە مامەڵە لەگەڵ ئەو گروپە تیرەرستە فیکرییە بکەم، خەیان وەک ڤەتەری کوردیی و پارەزەری ئازادیی بیروڕا مانیفەست دەکەن، کەچی ویستیان وشە بە

وشی بچوونکانم لە سەدرە بدەن و لە رووی مەعنەویەوە تیرۆریان کردم. ناچاربووم دوای هەشت ساڵ دووبارە جانتای سەفەری مەنفا بکەمەوە شان.

پارچە پەخشان/ یاد نامە.. هەدی گۆڵاڵی

پاش دوورکەوتنەوەیکی مەودا فراوانی من و تۆ ؛
هەشتا خەشەویستیم بۆ تۆ بە موتوربەکراوی ماوەتەوە..
هەشتا بیرەوەری ساڵانی تەمەنی بەسەرچوومان وەک درەختکی هەمیشە سەوز لە کەنگەی دەدا ڕەگی داکوتاوە…
هەشتا ڕەی ئەفیندایمان شوێن پەی تەی پەوە دیارە لە هەر کوێیەک لە هەر سوچێکی ئەم دنیایە بیت شوێت ئەکەم!!
لە قەد دیـــواری ژووری دەروونـــدا وەنەت هەڵواســراوە و هەمـــوو چرکەساتێک سیمات دەبینم …
کە سێیری ئاوێنەی ڕاڕەوی ژووری میوان دەکەم ڕوخساری گەش و کوڵمەی ئاڵی ئەوسات بەدی دەکەم و چاوە گەشەکانت دەبینم..
خەندەی لەو و ددانی ورد و قژی خاو و گەنای گەشت دەبینم…
ئەو ساتانە نەک هەر هەستەکانم تەنانەت نەست و بە ئاگایشم بە ئاگا دەتەوە و روح و ناخیشت دەبینم…
ئەستاش دەخەشیم بەوە دەدەموە کە تە لە ژەر هەمان ئەو ئاسمانەی کە لەتەوە نزیکم…
وەک یەک سێیری هەمان مانگ و ئەستێرەکان دەکەین …
بەقەد نزیکیەوە لە یەکتر دوورین، بەڵام نزیکیشین!!
نزیکین هەندەی نێوان روح و جەستە ..
نزیکین هەندەی چاو و سەمای بینین…
نزیکین هەندەی ترپەکانی دڵ و هەناسەمان…، بەڵام گیانە لەگەڵ هەڵکشان و ڕەچونی تەمەندا؛
چیـــرۆک و دیرۆکـــی ڕەژانەی عەشقمـــان لە پەڕاوی یـــاد و ساڵنـــامەی خەشەویستیماندا نوسراوەتەوە..
یادگاریەکـــان ، بیرەوەریەکـــان ، قسەی خەشکـــان، نـــاز و عیشـــوە و تەنانەت زویربوونەکانیشت لە بیرەوەری یادەکانم ئەلبووم و ئەشیف

بووەو لە هزر و ئەندێشەم هەڵگیراوە و ڕۆژانەش بە یادی جارانەوە بە چاوی دە سەیری ئەو ئەلبوم و سانامەیە دەکەم کە تەواوی ڕۆژ و مانگ و ساڵانی خۆشەویستیمان تێدا تۆمار کراوە. بۆیە گیانە تە بووی بە بەشێک لە یاد و بیرەوەری هەموو قەناغ و وەستگەکانی ژیانم !!!

هێدی گۆڵانی

سیمپۆزیۆمی (چەمکی ڕەهەند لە دیسیپلینە جیاوازەکاندا)

سیمپۆزیۆمی (چەمکی ڕەهەند لە دیسیپلینە جیاوازەکاندا) سازدەکەین، ڕۆژی هەینی، کات 5 ی ئێوارە،28/4 ، لە هەتەلی هایکریست، لە سلێمانی، بەکرێجێ…
ئەم چەمکە لە چەند بوارێکی زانستیی جیادا ڕاقەدەکەین(فیزیک، ماتماتیک، تەلارسازی، جیۆلۆجی، بایۆلۆجی، مرۆڤناسی، دەروونناسی، هونەر، فەلسەفە)…هیوادارم ئامادەبن.



چ نـــــد کـــــورت شیعـــــر.. زانا_کوردستانی*

(١)
خوندنی شعر لە
دایکم فر بووم
کاتێ کە شەوگاران
تەنیایی خۆی
بە گریان لە سەر ئەکرد.

(٢)
دڵبێ ئەویندار ببین وُ
ئەوینداریش بمێنین
بێ چێتر و باران
کێسانێکانێ کێردستان
گۆڤاهی منن!.

(٣)
دەتەنگی
مەردنە یەکجاری داپیرە
ئەوەندە تاڵ بوو بە ئەمە
ئەوەندەیش کەژنە بوو
ـ بە باپیر…

(٤)
بیرم زەویەکی چۆڵ،
رەنەکانیش،
لە نەوانما نالەوێن.

(٥)
پەکەنینەکانت لە نەو ئەو غوربەتە
لە دەستم دەرچون،
چەپەر هەموو هووژەک لەرەوا دەوا
خەزگا کەرتە نامێک، بنەری.

(٦)
بە فرمێسک
زەوی چاوەوانی تەرئاو کردم.
درونی کێد
وادەی ژوانمان.

(٧)
کورپەڵە خەیاڵم،
لەت لەت کردوتە.
(کەفتار)
ناوی دیکەی تەنیاییە!

(٨)
لەیلاکم
کە بوو بە پایز
تە هەنارەکان بچنەو
بووم بەرا…
دەموەڵە شەوگاری درەژی پایز
هاوەڵە بوونی دەسکانی تە بم
هەتا گەیشتن بە بەڵانی

هەنار تەنانەت بەمەکە…

(٩)
داری ئەمرم،
بریندەکی قووڵ لە پەڕە
لە دەس تەوری تەنیایی

(١٠)
دەلاقەکان لەک کەوا
هەتا بەنت
شار و شەقام لەبەر بگرێت و
قەرتانن لە بیری جیهان ببات

▪ زانا_کوردستانی شاعیر و نووسەری ئیرانی لە شاری بروجرد لە پاریزگای لەرستان

هیچ.. شوان عەباس بەدری

خاڵی کەتایی ئەم شارە
وەستگەیەکی شەماندەفەرە و دارەکی هووتەڕە و تەنیا
پیاسەی سەر شەقام و پارکەکانی تەژین لە هیچ و
مرۆکانی تەپەڕە مردوون
کە لە سیما و ناخیان هیچ ئەبارە
هیچ لەم شارە هەموو قوژبنەکی
تەنیوە و
لە باڵ و شەوانی پەنج شەمان و هەینی و شەمەدا
پەکی ویسکی و قەدکا و پەرداخی بیرە لە یەک ئەدرە و
دوو دوو سە سە و چوار چوار
هەموومان بە خەشی ژیانە هیچەکەی ناو شارەکەمان
پەکەکانمان بەرز ئەکەینەوە و ماچی پەرداخە پە لە مەستیەکەی سەر
لەوەکانمان ئەکەین !
شارەکەمان پڕە لە نەورسی کەنار دەریا و

دەریایەک بە فراوانی هیچیەکی
و
ئەو گەشتیارانەی لە تاو هیچی
ژیانی ناو شارەکانیان
وەک کەمەر داهاتی چەرمەسەر
هژاونەتە ناوی تا لە ناو ئامێزی خۆشیە وەهم ئاساکەی
لە سەر لمی کەنار دەریاکە
تاوە خەیان بدەنە بەر تیشکی هەتاو و
کچان و ژنان بە بە زوخمە
مەمکی خەیان وەک پیرەزترین
دەستکردی خالق
بە بەرچاومانەوە بلەرزنن و
دوای ئەوە لە ناو شەپۆلەکانی دەستەکی نادیار و نەناسراوا
وون ببن !
دووشەمان و چوارشەمانی ئەم
شارە هەژی ئەشکەنجەدانی ڕەح و دەروونە
سەسیال وەک هەژدیهایەکی تووڕە و برسی لە سەر کورسی
دانپیانان ئەتبەستەت و
تەش هەر وەکو جوجەیەکی بەکەس
ئەبە
بە دەم شەتەکە ڕەحیە بە کەتاکان بزە بکەی و بە ناخەکی پە لە هیچی
ئیمزا لە سەر
قەوارەی کەیلەبوونی خەت بکەی !
لەرە سەگەکان زیاتر خۆشیان ئەوی و
مرۆکانی شارەکەشمان گوڕایەی سەگەکانیانن !
سەگەکان هیچ نین
سەگەکان بەختەورن و
خاوەنەکانیان ئیرەییان پە ئەبەن و
کردوویانن بە هاوڕە و هاودەمی
تەنیایی و ساتە هیچەکانیان !
پەری بوو ماریا
خەی هەواسی و ئیمرە لە بەرچاوانما
بە ئوتەمبەلەک بە ناو شارا ئەیانسوڕان و
دوو ئوتەمبیلی ماندووش
بە دوایا ئەیشتن و
ڕەحی هەر وەک ئەو دەمەی زیندووبوو باوەشەکی تووندی پیا کردم و
ماچەک و لەو دیو شەقامەکەوە

هاوڕێکانی بینی و
دەستی کرد بە پێکەنینەکی شێتانە بە هیچی شار و دێ و دڕکردنی
لەسەر کار و جێستە !
منیش جگەرەکەم بە کچێکی 25 ساڵەی
پڕە مردوو دایە دەست چەخماخەی ئاگرێک و سیەکانم پێ کرد لە هیچ
!

شارەکەمان پڕە لە کچەری
کاڵاس
کە بە ئومێدی بینینی شێپول
بگەنە سەرزەمینەکەی ئەو دیو دەریا
غافڵ لەوەی ئەوەش هەر وەک
نیشتمان و کەڵەپشتی سەفەر و
ملی ڕێگە
جامەکە پڕە لە هیچی !
ئێمە هەموومان
کەمێک بەندی داهێنە ئاسای
بە دەرەتانین
کە تەنها
بە سەما لەسەر وەترەکانی
هیچی
خەڵق کراوین !

((de panne, بەلجیکا))

زستانی 2015

ئەوارانێ ٢٩.. سەردار جاف

ئەوارێیەک
فرمێسکەکانی میواندارێ
خەیان بە قەڤ قەفی دووکەڵی سیگارەکەما هەڵشاخان و
لەم ئاڵان
پەرژینەکانی ژوان پێپەن لە پێکەنین

بە بارتەقای دار چنارەکان
باڵایەکی شەهلایی پڵکەزەینەیە و
بە سەر هەوریی شان و ملا دەتە خوارەوە
لە بن ساباتە لەنگەر دەگرە
بە من نامە نییە
دوو هەزی یەقینین
دەن و ئەم بە کراسە مەڕەوە هەوەدای خە شاردنەوەیە
شەوم لەوەژ دەکەن لە بوخورد و باروت و گەنین
پڵکی عەیشە سەرە ڕەم پەدەگرە
بە کراسە شەوە قوڵیتاوی گەک دەشڵە
زریانە لە تەمتومان دەخزێنتە جەم
حەوسەی دابانکی دیم دادەخورپێنە
غەزڵەکانی ڕازم بە نەو دووکەی خەمکانم تەی دەکەن
ئەم دیوەخانی خەش مەشربییە تا دە گەرمتر دەبە
ئەوک و بینەقاقام تەنگ بوون
ئەمانە نوشتەیکی سیحرئامێزن لە جامی چاویلکەکەما گەمە دەکەن
نها یاخی بوونی یارم بە ناوترە و نانووسرە
ئەم ئەوارە
بە نیازی باران و گوە بووم لەم هەبە
کەچی گەژەوکە
مانگگیرانی هەر لە زەردەپەوە نیشاندام
پەدەچە قامکەکانم ئیدی بسکەکانی نەگرە
بارانە بە خوە
بە ڕووەتی وێنای تیروکەوانکە دادەکا
گوە جوانی خەی پەخشی نەو قوتوبەندە کریستاییەکە دەکا
گەیا و سمەرە پکەوە بەمان دەن و
جار جار گەمەی خەی تەخش دەکا
خەە بەنی ئەدرەسکەی چەمە گەش دەکا
ناو لەپم دەەی بنی کوپە قاوکەیە و بەختم پەشکەش دەکا
عەیشە لە بەزمەکانی ئەم ئەوارەی خستین
چەقەچناوەیکی بەدناوە و ئەو خەشی دەوە
کەچی لە پەل و پەی شەوارەی خستین
عەیشە هەر لە کراسە مەڕەکەی دەەوانی و بیر لە گەانەوەی ماەوە
ناکا
قسە و ڕووانین و هەماکانی تەزاوین
شەرم نایگرە و
پەنجەرەی نەوانمان بە دەسماەوە ناکا

ئەم بارانی لەزەیە سیخناخی کردووین
ئەو هەر دڵۆپە من بە کەسم
منیش دڵۆپم
خەشمدەوی خەشوویسترین کەسم

ئەمانیا
١٧ / ٤ / ٢٠٢٣

بیرەوەرییەکانی فەقێیەکی گوماڵ- 58- شەماڵ بارەوانی

بەشی(٥٨)

حافیزولقورئان و پێشنوێژی قوتابخانەکەمان، حەیف وای لە بەسەرهاتووە!

جا مامۆستا سەعدین، لەوانەوتنەوەش، خۆی و براکەی(مەلا سەلاحەدین)، دوو مامۆستای زۆر زیرەک بوون. لە میرات مامۆستا سەعدین نەبوا فیلمم دەسووتا، مەلایەکی بەتەمەن هەبوو(م. وەرتێ)، وەک لە بەشەکانی پێشووتر باسم لێوەکرد، (شەرحی ئەحوالییە) و بابەتی میراتی پێ دەووتنەوە، هیچی لە حاڵی نەدەبووم.
ئەو مەلایە، من و ئەو قسەت دەینمان پێکەوە نەدەکوڵا و خەشیمان بە چارەی یەکتری نەدەهات و ڕقی یەک دنیامان لەکتری دەبوویەوە !
مەلا سەعدین ، کە فەقێکان هەموومان پێمان گوت: هیچ لە بابەتی میرات تێناگەین لەم مەلایە.
دووبارە وانەکەی پێدەگوتینەوە، بەڵام دەیگوت: با ئەو مەلایە پێی نەزانتەوە، کە من، دووبارە وانەکەتان پێ دەڵێمەوە، نەوەک دەگران و زویر بێت.
براکەیشی وەک ئاماژەم پێ کرد، مامۆستابوو و زەرجار پێی دەگوتم: تۆ پێوولەی. چەند فەقێیەکی زۆر عەجووە و خراپمان لەگەڵدا بوو، پێی دەگوتن: عەمرتان نەمێنێت، هەندە لەگەڵ شەماڵ دەگەڵێن، هەر هیچ نەبێت، لەی فڕی ڕۆشت و میهرەبانی و هەمی بن.
مامۆستا مەلا سەلاحەدین، پێی دەگوتم: شەرم دەکەم سەیرت کەم،

فەقێیەکی هەندێ بەڕێز و بەئەدەب و بە کەسایەتی و بە هەیبەتیت.
ئەو مەلا سەلاحەدینە، خەیشی پێپوولێ بوو، فەقێکان وامان پێ دەگوت.
مەلایەکی تا بڕێیت هەمن و میهرەبان بوو. مەلایەک، پێی لێ سەز و لێبووردەیی و حیکمەت.
دواتر کاتێک ئامادەیی ئیسلامیم تەواو کرد و زیاتر بە زانکۆی سەلاحەددین و کۆلێژی زانستێ ئیسلامییەکان، ئەویش هات بۆ خوێندنی باڵا و (ماجستێر).
کە منی بینی، چاک و چۆنی و هەواڵپرسینمان کرد، زۆر دڵخۆشبوو و گوتی: مەلا شەماڵ، دەزانیت تۆ فەقێیەکی زۆر بە ئەمەک و بە وەفایت؟ ئەمە لە قوتابخانەکەمان سوێندمان بەسەرت دەخوارد و هێندە خۆشمان دەویستی، کەچی تۆ بە تەواوی پێیوەندیت بچڕاند و سەردانمان ناکەیتەوە لە قوتابخانە !
گوتم: مامۆستا ڕاستە، حەقتە گلەیی بکەیت.
دوو ساڵ بەر لەئێستا، پەیوەندیم پەیوەکرد، بەوانامەی کۆلێریەکەمم دەویست، بۆ تەعدیل شەهادەی ماجستێرەکەم، دیاربوو تۆزێک نیگەران و دڵگران بوو لێم !
دەیگوت: بیستومەتەوە، گەراوی، زۆرم پێ ناخۆشە.
مەلا شەماڵەکەی حافیزولقورئان، پێپوولەکەی قوتابخانەکەمان، حەیف وای لێ بەسەرهاتووە !
هەرچەندە هیچ موناقەشەی نەکرد و لەسەر ئەو گۆڕانفیکریەیەی من نەدوا، بەڵام گوتی شەماڵ هەشتاش هەر زۆر خۆشم دەوێیت.
مەلایەکی تریشمان هەبوو، مەلا(م.نەغەرانی)، لە پێنج، ڕۆژێک پێم گوت: مامۆستا بۆچی ناوی من ناڕێیت کاتێک دەڕێیت دەی تۆ بیخوێنەوە!؟ ئەوەم زۆر پێنا ناخۆشە، کە دەڕێیت دەی تۆ.
خۆ تۆ ناوی هەموو فەقێکان دەهێنیت، تەنها من نابەت !
من ئەوەم وەک جارێک لە سووکایەتی و حیساب بۆ نەکردن وەرگرتبوو.
گوتی: ئاخر تۆ پێپوولەی بۆیە. پێکەنی و ئینجا گوتی فەقێی خراپ و تەمەڵ و عەجووزەکان زۆر زوو ناویان دەزڕێت و ناوەکانیان لەبەر دەکرێت و بەدەر دەکەون، بەڵام فەقێ ئاقڵ و باش و زیرەک و بەدەنگەکانیش هەمیشە درەنگتر، بۆیە ببمووڕە.

بیر و ڕای" ئەدۆنیس" لەسەر ئیسلام.. ئامادە کردنی: پشکۆ ناکام

(شاعیر و بیرمەندی ناوداری عەرەب ئەدۆنیس لە چاوپێکەوتنێکیا لەگەڵ بەشی عەرەبی/بی بی سی ، دەربارەی ئیسلام گفت و گۆی کردوە و لەبەر گرنگی قسەکانی ئەو پایەبەرزە بە چاکم زانی بیکەم بە کوردی و ئەمەش دەقەکەیەتی..)
"""

بی بی سی: بۆای تە ئیسلام و عەرەب بەرەو کوێ ئۆن؟
ئەدۆنیس: من دەمکە ووتومە ئەمەی عەرەب لە قۆناغی فۆنا و لەناوچوونایین ، نەک لە قۆناغی شۆش و بونیانان ، ئەمە دەریاچەکین بەرەو ووشک بوون ئۆوا ، پێ لە ماسی کە خەریکی یەکتری خواردنن ، یەکە بە ناوی نەتەوەو داگیرت ئەکا ، یەکەکی تر بەناوی "ئایین"و تەکەکیش بە ناوی خۆوە ئەتکوژە..و..بەوجۆرە ، هیچ ئاسایەک لەبەردەمی عەرەبا نیە ، مەگەر تەنیا بە موعجیزەیەک لەم ئاستە مێژوویە دەربچن بەرەو ئاستەیەکی تر ، ئەو ئاستە تازەیە ئەبە بە یەکجاری و تەواوەتی خۆی لەم" چواردە" سەدەیە دابڕە و کەمۆگایەکی تازە دروست بکا لەسەر بنەمای یاسا ، لەسەر بنەمای سەربەخۆبوونی ژن ، لەسەر بنەمای دروست کردنی تاکی ئازاد و سەربەخۆ ..نەک لەسەر بنەمای خۆ و عەشیرەت و ئایین و تایەفگەری..و..لەو بابەتانە.

بی بی سی : کەواتە بۆای تە ئیسلام لە گۆڕاوایە..؟
ئەدۆنیس : بەگومان لە گۆڕاوایە ..ئیسلام وەک پەیام لەگەڵ مردنی "محمەد" کۆتایی هات، ئەمڕۆ ئیسلام وەک" ئایدۆلۆجیا" ئۆجۆنگۆ ، پەیامەکە نەماوە ، ئیسلام بوە بە ئامرازێک بە گێشتن بە دەسەڵات ،کەواتە پەیامەکە لەگەڵ مردنی پێغەمبەر وەک پەیام کۆتایی هات و یەکسەر بوو بە ئایدۆلۆجیا..بوو بە چەک لە پێناوی دەسەڵاتا..هەر لەیەکەم ناکەکی دوای پێغەمبەرەوە گەڵانکاری ئەم ئایینە بە چەک و دەسەڵات چوار خەلیفەی دامەزرێنەر بە کوشتن مردن ، ئەبە لەبیرمان نەچێ چیان بە "ئومەویەکان" کرد و چیان بە "عەباسیەکان" کرد و چیان لە هات..!؟ چەن دەوڵەتی عوسمانی بە چوارسەد ساڵ هاتن وەک

ئەوەی هەموو عەرەب بیابان بە چوارسەد ساڵ حوکمی عەرەبیان کرد .. دەوڵەتێک کە بە هیچ جۆرە ئەرزشی نەبوو ، تورک کێیە..دەوڵەتی عوسمانی چیە…جگە لە کوشتن و تیرۆر و ئیرهاب و زەبر و زەنگ؟ چۆن بیانبەستەوە بە ئیسلامەوە..؟ ئیسلام ئەمڕۆ لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەوانایە ، چارەسەر چیە ؟ چارەسەر "ئەزهەر" نیە، هەرگیز.
بی بی سی : ڕەنگە هەبێ بڵێ کە ئیسلام وەک ئایینێک یان سیستەمێک بە ژیان هەشتا هەیە و ئەتوانێ بەردەوام بێ ، بەڵام گرفتەکە لە هەبوونی تونڕەویی و ئیسلامی جۆربەجۆرە.
ئەدۆنیس: ئەمە هەشتا میللەت و خەڵین و لەسەردەمی داگیر کردن و دەست بەسەراگرتنا
ئەژین ، چۆن جارێک ووتوومە و ئێستاشەوە کە نەچووینەتە قوناغی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ووڵاتانی عەرەبیا ، یەک نموونەی کۆمەڵگای مەدەنی عەرەبیم پێ بڵێ!
ئێستا ئەزموونی" تونس" لە ئارایایە ، لەگەڵ ئەوەی ئەو ئەزموونە زۆر گرنگە و ئەبێ پشتی بگیرێ ،لەگەڵ ئەوشا دەوڵەت ئیسلامیە ، ! ئەمە یانی چی ؟ ئەبێ ئیسلام ببێ بە ئایینی "تاک" نەک ئایینی بە کۆمەڵ ،بەبێ ئەوە مەحاڵە هیچ پێشکەوتنێک بکرێ.

کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان .. شاو عەلی

کۆمەڵکوژی بریتییە لە کوشتنی چەندین کەس یان کۆمەڵێ کەسێک بەجارێ . قڕکردنی ئەرمەنەکان کە لە ساڵی 1915ئەنجامدرا،لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی کەزیاتر لەملیۆن و نیوێک ئەرمەنی کوژرا . یەکێک لەسیاسەتە دەندانەکانی دەوڵەتی عوسمانی کەلەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پلانەکانی ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا و جەمال پاشا و دەزگای هەواگری عوسمانیەکان و سوپای حەمیدیە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بوو . کۆمەڵکوژی بەرفراوانی ئەرمەنەکان لە ساڵی1915 و 1917 رویدا ، ئیمپراتۆری عوسمانی توشی کۆمەڵێک شکست بوو ، بەتایبەتی شەڕەکانی بەلکان 1912 و 1913 . ترسی لە دەسەرکردەکانی ئیتحاد و تەرەقی دروستکرد لەوەی ئەرمەنیەکان لە زەدی خۆیان لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات بەدوای

سەربەخۆیی بگرن . کۆمەڵک بیانویان نایەوە بۆ جینۆسایدکردنیان ، بۆ فەرمانی تەلعەت پاشا لە ساڵانی 1915 و 1916 نزیکەی هەشت سەت هەزار بۆ ملیۆن و نیوەک ئەرمەنی ڕەپەوانی مەرگ کران لە بیابانەکانی سوریا .

ئەوانەی ڕزگاریان بوو ، بەاویان پێکرا بە ناو ئەردەگاکان . کۆمەکوژیەکە بە چەندین شێواز ئەنجامدرا کە دەندایەتی تورکەکانی نیشاندەدا و بەشێک لە سەرەک هۆزە کوردەکانیش بەژداربوون لەو کۆمەکوژیە . سەرەتا پیاوەکانیان جیادەکردەوە بەهەندەک بیانوی نابەجێ دواتر بە دەندانەترین شێوە ئێیانکوشتن . پاشان منداڵەکانیان جیادەکردەوە دەست درێژیان دەکردەسەر ئافرەتەکان یان کچەکانیان بەخێیان ئەبرد بەم شێوەیە ئەرمەنەکان بە دەندانەترین شێوە کۆمەکوژکران کە هیچ تاوانێکیان نەبوو تەنانەت بەشێکی زۆریان دەسزی دەوڵەت بوون و پلەی بەرزیان هەبوو . بەڵام بەهەی جیاوازی ئاین و نەتەوە بوو هەی لەناوبردنیان . حکومەتی تورکیا دیپەرتکردنەوەی ئەرمەنەکانی بە کارێکی ڕەوا داناوە ، زۆرێک لە دەوڵەتەکان دانیان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان داناوە لەم دوایانە ئەمریکاش دانینا بەم جینۆسایدە بەڵام حکومەتی تورکیا پێداگری لە دەکات و دان بە جینۆسایدی ئەرمەنەکان نانێت ، هەموو هەوڵەکیش بۆناساندی کۆمەکوژیەکە لەلایەن تورکیا ڕێگری لێ دەکرێ ، بەڵام دواجار ئەوە تا ئەبەد پەلەیەکی ڕەشە بە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی . دەوڵەتی تورکیا هەمیشە لەکاتی پاکانەکردن بە مێژووی خۆی کوردەکان دەکاتە سەبەبی ڕەیسی بە ئەم کارە قێزەونە ، بەڵام ئەوە ڕوونە کە کوردیش یەکێک بووە لە نەتەوە مەزڵومەکانی ژێر دەستی تورکەکان ، کەتا ئێستاش بەدەست سیاسەتی ڕێگەز پەرستانەی تورکیا دەناڵێنن.